لە ماوەی مانگی ئەستای موحەرەمدا زیاتر لە ملیۆنێك بیانی هاتوونەتە ناو وڵاتەوە



وەزارەتی ناوخۆ راگەیاند لەسەرەتای مانگی موحەرەمەوە تا ئەستا یەك ملیۆن و176هەزار و 311 زیارەتکار هاتوونەتە ناوعێراق.

ڕائید عەباس بەهادلی وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ لە میانی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لە سەرەتای مانگی موحەرەمەوە تاوەکو ئەستا یەك ملیۆن و 176 هەزار و 311 زیارەتکاری بیانی ڕوویان لەو وڵاتە کردووە، هەروەها 1,09 هەزار و 863 زیارەتکاران وڵاتیان بەجێهێشتووە.

ئاماژەی بەوەشکرد : ژمارەی کاروانە تەمارکراوەکانی ناو شاری پیرۆزی کەربەلا گەیشتووەتە 833 کاروان، لەوانە 10 کاروانی بیانی لە دەرەوەی عێراقەوە بە بەشداریکردن لە یادی دەیەمی موحەرەم.

ئاماژەی بەوەشکرد : بەوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەستیکردووە بە بەاوکردنەوەی مەفرەزەکانی لە دەوروبەری شارە کۆنەکە بە جێبەجێکردنی پلانی وەامدانەوەی خێرا بە ڕەگریکردن لە ڕووداو و ئاگرکوژێنەوە.